بەڕێز جۆرج دەبلیۆ بوش
سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

لەنێوبردنی رژێمی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژی سەددام حسێن، کە بەهۆی بڕیاری راست و مێژوویی ئێوە و، هێرشی سوپای ئەمریکا هاتەدی، وەکو بەڵگە و لاپەڕیکی زێڕین و گەش لە مێژوودا دەمێنێتەوە. گەلی کورد، ئێستا و داهاتوو، بەڕیز و پێزانینەوە، دەڕوانێتە رۆڵی گەورەی ئێوە لەدژایەتیکردنی تێرۆریزم کە سەرچاوەکەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی رژێمەکانی ئێران و سووریان.

بەدوای رووخانی رژێمی سەددام حسێن، نەتەوەی کورد و، هەموو ئازادیخوازانی نێوچەی رۆژهەلاتی ناڤین، چاوەڕوان بوون، هەنگاوی خێراتر بەرەو رووخانی رژێمەکانی ئێران و سووریا هەڵبگیرێت، بەڵام پرۆسەکە بەهۆی رەچاونەکردنی سیاسەتێکی گونجاو لەلایەن راوێژکاران و پسپۆڕانی سیاسی و لەشکریی ئەمریکاوە لە رۆژهەلاتی ناڤین، بوونە هۆی ئەوە کە رژێمەکانی ئێران و سووریا و ترکیا، بەڕێگەی رێکخراوە و گرووپی وابەستە و بەکرێگیراویانەوە، ئاڵۆزی و پشێویی لە نێوخۆی عێراق پەرە پێبدەن، بۆ ئەوەی پلانەکەی ئێوە و هاوپەیمانان بەرەوڕووی شکستی سەربازیی بکەنەوە.

ئێستاش دەنگۆی ئەوە هەیە کە دەوڵەتی ئەمریکا، دەیەوێت، بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخی نێوخۆی عێراق، لەگەڵ ئێران و سووریادا دانووستان بکات. بە پێویستیدەزانین، بەڕێزتان ئاگادار بکەینەوە کە، ئەنجامدانی گوتوبێژ سەبارەت بە ئاڵۆزیی نێوخۆی عێراق، لەگەڵ رژێمەکانی ئێران وسووریا، دەبێتە هۆی شکستێکی گەورەی سیاسی و سەربازیی بۆ ئەمریکا و، هاوپەیمانان. ئەنجامەکەشی دەبێتە هۆی شێواندنی پتری بارودۆخی سیاسیی نێوچەکە بەزیانی ئەمریکا و، بەرەی ئازادیخوازیی نێوچەکە وەک نەتەوەی کورد و، کارەساتی گەورەی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە. دەوڵەتەکانی ئێران و سووریا و، هەروەها رەگەزپەرستانی عەرەب و، ئیسلامیی سیاسیی بەهێزتر دەبن، ئەوکات مەترسییەکەی هەموو رۆژاڤاش دەگرێتەوە.

سەرکردەیەتیی (KNC)، هەر لەسەرەتای رووخانی رژێمی سەددام حسێنەوە، بە هەڵسەنگاندنی بابەتانەی بارودۆخی رۆژهەلاتی ناڤین، بە نووسینی چەند نامەیەک بۆ بەڕێزتان لەلایەن دوکتور جەواد مەلا – سەرۆکی KNC، هەروەها هەندازیار بروسک ئیبراهیم – بەرپرسیاری پێوەندیی دەرەوەی KNC، بیرۆکەی داڕشتنەوەی جوگرافیا و سازکردنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، لەسەر قسە و بۆچوونی چەند کەسانێک لەنێو عەرەبی شیعە و سوننە و، سەرکردەیەتیی هەر دو پارتە کوردییەکان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، پارتیی دێمۆکراتی کوردستان)، کە بەڵێنیان بە ئێوە دابوو، دەتوانن رژێمێکی دێمۆکرات بە هاوبەشیی هەموویان لەعێراق دابمەزرێنن، بە ناڕاست و هەڵە و، بەدوور لە بەرژەوەندیی نەتەوەکانی نێوچەکە و، تەنانەت دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئێوەش زانی و، لە نامەکانی پێشووماندا بۆ بەڕێزتان ئاماژە بە هۆکارەکانیان کرابوون.

بەڕێزتان، سەرۆکی گەورەترین ولاتی دیمۆکراتی جیهانن، زانیاری تەواوتان لەو بارەوە هەیە کە دیمۆکراسی، بە گۆڕینی چەند کەسانێک لە سەرۆکایەتیی حکوومەت و دەوڵەت، نایەتەدی، چۆنکە دیمۆکراسی فەرهەنگە و، لە پرۆسەیەکی مێژوویی و، لە ئەنجامی تاقیکاری و کارپێکردنی درێژخایەن، لەنێو کۆمەڵێکدا جێدەکەوێت. سوننەی عەرەب لە عێراق، بیری رەگەزپەرستی و پاوانخوازی بەسەریدا زاڵە و، هیچ زمانێکی دیکە ناناسێت. عەرەبی شیعەش گرێدراوی ئاینی و، سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەوجا ئەندامانی دەوڵەت و سوپای نوێی عێراق، کە زۆرینەیان لە عەرەبی سوننە و شیعە پێکهاتوون، ئەوانیش گرێدراوی بیروباوەر و فەرهەنگ و ئاینی نەتەوەکانی خۆیانن و، هەر لایەنە بیر لە دەسەلات و بەرژەوەندیی خۆی دەکاتەوە. رای گشتیی نەتەوەی کورد، بەپێچەوانەی هەڵوێستی پارتە دەسەلاتدارەکانی کوردە و، تێکڕای نەتەوەی کورد خوازیاری گەیشتن بە ئازادی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. لەبەر ئەوە، پرۆژەی دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ، بە هیچ شێوەیەک سەرناگرێتەوە. رووداوەکانی سێ ساڵی رابوردووی عێراق، راستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

لە ئێرانیش هەر بەو چەشنەیە و، پاش رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێویستە رێز لە راپرسی و، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی بندەستی ئێران، لەلایەن خۆیانەوە بگیرێت. نابێ ئەزموونی سەرنەکەوتووی عێراق، لە داهاتووی سیاسیی ئێرانیشدا دووپات بکرێتەوە، بەهەوڵدان بۆ پاراستنی سنوورەکانی دەستکردی ئێران.

لە روانگەی ئێمەوە، باشترین رێگەچارە ئەوەیە، کە بەڕێزتان و دەولەتی ئەمریکا، پشتگیریی نەتەوەی کورد بکەن بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردیی. بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە نێوچەکە، لەپێش هەر شتێکدا، بەرەی دژە تیرۆر لەنێوچەکە بەهێزتردەکا و، کوردستانیش دەبێتە نێوەندێک بۆ سەقامگیرکردن و، حەوانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. هاوکات، نەتەوەی کورد لە ئەشکەنجە وقەلاچۆ و ماڵوێرانیی بەردەوام رزگاری دەبێت، کە ئامانجی سەرەکیی ئێوەش لە داڕشتنی نەزمی نوێی جیهان، کۆتایی هێنانە بەتەمەنی رژێمەکانی دیکتاتۆر و، رزگارکردنی گەلانی بندەست.

**بەڕێز سەرکۆمار!**

کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاندەر و پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزمە لە نێوچەکە و لە جیهان. وتووێژ و دانووستان لەگەڵ رژێمەکانی دیکتاتۆر و رەگەزپەرست هەڵەیە و، لەداهاتوودا کارەساتی گەورەتری بەدواوە دەبێت. هەروەک سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، هەندێک لایەن و دەوڵەت لەو باوەڕەدا بوون، بە گوتوبێژکردن، دەتوانن **هێتلەر و دەوڵەتی نازیتی لە ئەڵمان،** لە بیری داگیرکردن و، جینۆساید و هۆلۆکوستی نەتەوەکانی دیکە پەژیوان بکەنەوە. ئەوڕۆکەش ئەحمەدی نژاد و، دەولەتەکەی، بە ئاشکرا هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیل دەکەن و، زۆر بە توندی و گرژییەوە وەرامی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، کۆمەڵی نێودەوڵەتیی دەداتەوە. ئەم رژێمە ماوەی نێزیک بە 28 ساڵە بەدڕندانەترین شێوە نەتەوەی کورد سەرکوت دەکا و، هەموو مافێکی مرۆڤی و سیاسی وکۆمەڵایەتیی لە گەلی کورد و، گەلانی ئێران زەوت کردووە. ئێستاش دەیەوێت، چەکی ئەتۆم ساز بکا و، ئیمپراتۆریی ئیسلامیی شیعە لە نێوچەکە دابمەزرێنێت و، دەوڵەتی ئیسلامی شیعە و سوننەی لایەنگری خۆی لە عێراق و

لوبنان و فەلەستین دابمەزرێنێت و، ئیسرائیل لەنێو ببا و، ئاژاوە و پشێویی بخاتەنێو هەموو وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی رۆژاڤا لەنێوچەکەوە.

دەوڵەتی ئەمریکا، کاتێ دەتوانێت تێرۆریزم لە جیهان ریشەکێش بکات، کە سەرچاوەکەی، واتە تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لەنێو ببات. لەو پێناوەشدا، ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وا گەورە، کە لە خزمەتی هەموو مرۆڤایەتیدا دەبێت، دەتوانێ پشت بە گەلی بندەستی کورد و، ئازادیخوازانی ئێرانی ببەستێ.

**بەڕێز سەرکۆمار!**

نەتەوەی کورد، کە هەر لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، ولاتەکەی دابەشکراوە، تا بە ئەمڕۆ قوربانیی دەستی تێرۆر و جێنۆسایدی داگیرکەرانییەتی. نەتەوەی کورد، لە ترکیا و سووریا و ئێران و عێراق، لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا ژیان دەباتەسەر. ئەوڕۆکەش چاوی بڕیوەتە پشتیوانیی سیاسی ئێوە و، هەموو وڵاتانی دنیای ئازاد. داواتان لێدەکەین پشتگیریی نەتەوەی کورد بکەن، لەرێگەی راپرسی (رفراندۆم) ێکی ئازاد، بە چاودێریی راستەوخۆی ئەمریکا و، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت، وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بەکەڵکوەرگرتن لە بڕیارنامەی مافی مرۆڤی جیهانیی، دەنگ بۆ چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات.

لەلایەن خۆم و، هەموو ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەڵات، هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزتان و، سوپای ئەمریکا دەخوازم، لەجەنگی دژە تێرۆر و لەنێوبردنی رژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بە دێمۆکراسی.

رێزم جەخت دەکەم..........

سیروان کاوسی:
ئەندامی کۆمیتەی سەرۆکایەتیی
کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - رۆژهەڵات
2006/11/27